www.kurdistannet.org
1-7-2006 11:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئایا یەکێتیی نیشتیمانیی قابیلی نوێ بوونەوەیە؟! ... بەشی دووەم وکۆتایی: ... مەحموودحاجی عومەر

7-مەکتەبی ڕێکخستن:-

تاکە تێبینی یەکم هەیەلەسەرتەشکیلەی مەکتەبی ڕێکخستن، ئەویش لەوبڕگەیەی کەلە بڕیارەکەدا هاتووەلەمەڕدەستنیشانکردنی ئەندامەکانی مەکتەب کەتا9نۆئەندام بن ولەسەربنچینەی دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان دیاری دەکرێن...

لەبەرئەوەی پێکهاتەی مەکتەبی ڕێکخستن جیایەلەپێکهاتەی مەڵبەندەکان وکۆمیتەکان، ئەوان هەریەکەوتایبەتمەندی سنوروناوچەی خۆیانیان هەیەوزۆربەیان دوورەدەستن لەمەکتەبی ڕێکخستنەوە، وەئەرکیشیان مەیدانی وکاری نێوخەڵکە بۆیەپێویستە لێپرسراوی ئۆرگانەکان (ناوچەیی) بن. واتاخەڵکی سنوورەکە.

بەڵام بەڕای من بۆدیاری کردنی ئەندامانی مەکتەبی ڕێکخستن ئەو بیرۆکەیەشیاونیە، چونکە پێم وانیەخزمەتێکی زیاتربگەیەنێ، گەروەک ئەزموونی ڕابردوو بێت. بۆنموونە لەسەرئەساسی گەرمیان ئەندامێکی مەکتەب دادەمەزرێندرێت ئایا ئەو ئەندام مەکتەبە چ کارئاسانیەک بۆ گەرمیان دەکات؟. کاتی خۆی واکرالەمەکتەبی ڕێکخستن گوایە بۆ گرنگی دان بە تایبەتمەندی سنوورەجیاجیاکان چەندبەڕێزێک کرانەئەندامی مەکتەب، جگە لەوەی لەودەروازەوەئەوبەڕێزانە زۆربەیان سەرکەوتن وخێراکۆمەڵێ پà 1هگdوپایەیان بڕی و سودمەندی پلەیەک خۆیان بوون، چ ئەرکێکی ئەوتۆیان لەسەرشانی سنوورەکانیان سووککرد؟! جگەلەوەی کادری هەرسنورەو

تەنها ژووری یاخودمەکتەبی هاوشارییەکەی دەکردبە وێستگەی سەردانەکەی. بۆیە ئێمەکە ئەزموونێکی کۆنترمان هەیەچ پێویست دەکات لەڕیفۆرم ونوێ کاریدا دوبارەی بکەینەوە؟.

کادرولێپرسراولەسەرهەڵسەنگاندنی کەسایەتی لێهاتوو، دڵسۆزکارکردەوتوانای خۆی سەرکەوێ نەک سەرخرێ!. ئیترهەرکەس ولەهەرسنوورێکەوەهاتبێ. ڕێگەش بەوەنەدرێت کێ لەمەرجەعی قەرارەوە نزیکەئەوە ئیمتیازبکرێ!.

-سەبارەت بە وجودی ژن:-- وەک ئاشکرایە ژن پێش ئەوەی ڕەگەزی ژن بێت، ئینسانە. هەمووئینسانێکیش شیاوی ڕێزوتەقدیرەنەک بەزەیی. لەبواری کارکردندابەتایبەت کاری سیاسی-حیزبی- ئیداری چ فەرق وجیاوازییەکی نیە لە نێوان ژن وپیاو. مرۆڤ هەرمرۆڤەخۆئەوبورانە بواری تاقی کردنەوەی هێزوبازونیە تاپیاوێکی بەشان وشەوکەت دەکرێ کادربێت، بەڵام ژنێکی بە مانای ژن ناتوانێ ڕۆڵی وا ببینێ. نەخێر ئەوەپەیوەندی بە (هزروهۆش وتموحی شەخسی و بنەمای باوەڕوحەز) ووەهەیە. جالێرەشدابائێمە عاتیفانە 'ە4e

'd9ڕوانینە ڕۆڵی ژنان. پێش ئەوەی ژن بە (تەسکیەوبەفەرزکردن) دابنرێن پێویستە بۆخۆیان شت بن. نەک بۆجێگرمن هیوادارم ژنێک لێپرسراوی مەڵبەند یاخودکۆمیتەکان بێت. باشترەئەوململانێ وشەڕی سەرکەوتنەخۆیان بیکەن. ئێمەش پشتیوانی تەواویان بین. پرۆسەی سیاسی یش وەک هەرکارێکی تر (حەزوئاوات) ە. ژنانێک دێنە پێشەوەوسەرکەتوودەبن لەهەموورووبەکەوەزەمینەی بۆڕەخسابێت.

نابێت باوکسالاری بیربکەینەوە. لە وڵاتێکی وەکوسوێدکەلە پێشکەوتن ومافی یەکسانی وئینسانی ودیموکراسیدا، لەچلەپۆپەی وڵاتانی ئۆروپایە. لەکۆتایی پەنجاکان وسەرەتای شەستەکانەوە ژن لەو وڵاتە هاتووەتە کایەی کارکردنی سیاسی و ئیداری وحیزبییەوە. لەکتێبخانەکانداگەلێ وێنەی ژنان دەبینی جوتیاروکارگوزاری کێڵگەکان بوون لەوسەردەمانەدا. وائێستاش زۆربەدەگمەن پیاو دەبینرێ لە فەرمانگەگشتییەکانی (خوێندنگاوزانستگاونەخۆشخانەوبانک وفابریکەو فیرما گەورەکان تا شۆفێری پاسوتاکسی) یش. _ d9_ه1eبواری کایەی سیاسی یشەوە دەیان ژن ئەندام پارلەمان و وەزیرو نووسەروئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکان وسەرۆکی شارەوانیەکانن. زۆریش پەرۆشی نەزاهەت وئەمنی قەومی وڵاتەکەیانن. کارێکیان کردووە لەوێ ژن وپیاووەک ماسی و دەریان بەیەکەوە جوانن. هەمووکەس بێ جیاوازی ڕەگەزبەرامبەر (ئەرک وماف) یەکسانن.

ئەمە ڕاستە واقیعەکە دەوری هەیەولەوێ زەمینەلەبارترەو ناکرێ بە کوردستانی بشوبهێنین، بەڵام زیرەکی وهەوڵ وکۆششی خۆشیان بێ قسوربووە. کەواتە ژنان دەبێ خۆیان خۆیان فەرزبکەن ئێمەش قبوڵکاریان بین. وەک ئەوەی لەچەندین دامو دەزگاو ناوەندی جیاجیادا ئێستا ڕۆڵیان دیارە. کەئەوەش سەرەتایەکی گەش ودڵخۆشکەرە. من پێم وایە لەناو ئێمەدا ژنی لێهاتوو هەیەبۆهاتنەپێشەوە، بەڵام ڕەنگە حیساب بۆژینگەوداب ونەریتەکە زیاتربکات وەک لەکایە سیاسییەکە کەلەناخیشەوەحەزی لێیە. _ 98ۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بەگشتی کۆمەڵگای هاندانی ڕۆڵی ژنانە نیە. بادەیان ژنی بەڕێزی وەکوخاتوو (نەرمین عوسمان) مان هەبێ کەڕۆڵی چەندین وەزیر وئەندام پەرلەمانی پیاواوانی بەزاندووە. ئەمەمایەی شانازییە بۆژنی کورد.

بەڵام خۆناکرێ ژنێک بە تەعین بهێنین بیکەین بەجێگری کۆمیتە یاخودمەڵبەند هەروەکورەمز، بۆ ئەوەی تواناورۆڵێکی هەبێ. یاخودبێ ئەوەی خۆی ئارەزووبکات، تۆرووگیری بکەی، ئەمە
شکڵە نەک جەوهەر...

**خاڵێکی ترکەگرنگە:ئەویش ڕەخساندنی** **ڕۆڵی گەنجان ولاوانی سەردەمە****. پشتیوانی لێکردنیانە**

بۆناوکایە سیاسی ومەعریفیەکە. ئەگەرچی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی بەگەنج دەوڵەمەندە، بەڵام لە چاوخەبات وتێکۆشانی یەکێتیی بەتایبەت (کۆمەڵە) کە سەرەتاوسەرکردایەتییەکەی لەسەردەستی گەنج دامەزرێنرابووهێشتا بوون ورۆڵی گەنج لەڕیزەکانی ڕێکخستن بەپێی تموح نیە. دیارە ئەویش هۆکاری بابەتی وهۆکاری خۆیی هەیە، کەهۆکارە خۆییەکەش هۆکاری بابەتی دروستی کردووە. ئەگەرئاورێک لەسەردەمی شاخ بدەینەووگەنجی هەردووقۆناغە بەراورد بکرێ، بۆمان دەرئەکەوێ گەنجان و_ ا1e_l6eان لەڕابردوودارۆڵیان دیارودەرکەوتە تربووە تاوەکوئێستا! لە ڕابردوودا بۆ بەش تربووەلەڕەفاهەتی ژیان تاوەکوئێستا، کەچی سەدان گەنج لەهەرەتی لاوێتیدا گیانی خۆیان کردەقوربانی، چ لەڕیزەکانی ڕێکخستنداوچی لەڕیزەکانی پێشمەرگایەتیداوچی لە خۆپیشاندانە جەماوەری یەکاندا. ڕۆڵی سەرەکیشیان هەبوولەهوشیارکردنەوەورۆشنبیری گشتیدا.

بۆنمونە لەسەردەمی شاخ داولەسەردەستی پێشمەرگەوکادرەگەنجەکان چەندین پرۆژەی بچووکی شیاوبەئەورۆژگارە لەلادێ کانداجیبەجێ دەکرا. وەکو (قوتابخانەی شۆرش بۆمناڵانی گوندەکان- یاسای ئەنجومەنی دێهات-ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک- هەوڵی پاراستنی ژینگەورێنمایی تەندروستی-کۆروکۆبونەوەوچوونە ناوخەڵک) دەیان شتی ترکە هەموو ئەوانە لەسەردەستی گەنجێکی خوێنەواردەکرا نەک تێکۆشەرێکی بەتەمەنی نەخوێندەوار!زۆرجاربە تەنهایەک کادرلەسنورێکی فراوان وبەتوانایەکی کەم وبەپ  740?ادە، بەڵام بەقابلیەت وباوەرێکی پتەو

کاری 10کادری ئەم سەردەمەی ئەنجام دەدا. ئەوگەنجەی ئەوسەردەمە حەزوئاوات وتموح و باوەری پتەوپاڵنەری بوو. بیری تەنهالای مەسەلەیەکی پیرۆزبوو، ئەویش ڕێکخستن و ڕێبازە کەی بووکەپێی وابوولەوسونگەیەوەدەتوانێ پارێزەری ئاسایشی نەتەوەکەی بێت وهەنگاوێک بۆبەرەوپێش چوونی کۆمەڵگای مەدەنی دەبیا. پێی وابووبەرژەوەندی گشتی پیرۆزوپێویست ترە لەبەرژەوەنی شەخسی. ئەوەش دووپاڵنەری هەبوو، یەکەم گەنجەکەبۆخۆی خۆبەخش وئارەزو مەند بوو. دووەم بەرنامەفکری ورۆشنبیریە تەنزیمی! ی
'5eکەلەجۆشدان وهوشیارکردنەوەی ڕۆڵی هەبوو. ئیتربۆ ئەوەی بیری لای دەوڵەمەندی خۆتەکوین کردن وپارەوپول و (جنس) و تێرکردنی حەزوئارەزووە زاتیەکانی بێت. هەرکەسێک ڕووی بۆبەرژەوەندی شەخسی وپرۆژەو دەوڵەمەند بوونی ناشەرعی وەرگەڕاندبێ، بالەڕابردووشداتێکۆشەروماندووبێت، حەتمەن ئەرزشی شۆرشگێری وخزمەتگوزاری نامێنێ. تەنهالای کۆمەڵێ خەڵکی دیاری کراوخۆشەویستە! ئاخرمومکین نیە بەدەستێک دووبارباربکرێت. مرۆڤی شۆرش گێربیەوێ کاری سیاسی وخاوەنی پلەوپایەورێبەرایەتی کردنی خەڵک بێت لەهەمان کاتیشدا لەورێگایەوە بیرلەخۆدەوڵەمەندکردن وتجارەت وپرۆژەوکۆمپانیاوبەرژەوەندیە شەخسی یەکانی بکاتەوە. ئەوەناتوانێت شیهابی گەل بێت!. بەڵام کەڕاتبودەستمایەی حەلالی خۆی لەهەرجۆرەکەسابەتێکدابێت شەرعیەوهیچ کەس ناتوانێ بلێ پشتی جاوت برۆیە.
(ئەوەباسێکەوبەجێی دەیڵم بۆرام لەسەردیوانی لێپرسینەوە) .

سەبارەت بەگەنجی ئێستا لەبەرئەوەی سەردەمەکە گۆڕاوەوپێم وابێ جوگرافیاکەش جوگرافیای
ئابوریە تاجوگرافیای سیاسی. سەردەمی خەباتیش شارە، نەک شاخ، کارکردنیش مەکتەبی یەنەک
تەنزیمی. بەرقەراربوونی ئاسایش ونەمانی دیکتاتۆریەت، دونیاش دونیای مەدەنیەت و پێش کەوتنی کۆمەڵگای مەدەنی وزانستی تەکنەلۆژیاوسیستەمی کۆمپیوتەرە. گەنجیش کارئاسانی
ڕەفاهەتی پێویستە تاخۆماندووکردن وخۆهەڵقورتاندنە نێوەندەسیاسی وتەنزیمییەکان. لەهەموو ئەوانەش گرنگ ترولەهۆبابەتیەکان ئەوەیە بەداخەوەبەشێک لەوگەنجانەی لەڕابردوودا پیاوی تێکۆشەروکادیری حیزب بوون، وائێستاولەئاخری پیریدا خاوەن پرۆژەوکۆمپانیاومولکن، بێ
ئەوەی موحتاج بن، بێ ئەوەی ناوەندەکەبۆخوێنی تازەچۆڵ بکەن. ئەمە نەخشی سلبی لەسەر
گەنجی سەردەم دادەنێت کەلەبری پەرۆشی بۆنەتەوەوڕێکخستنی ژیانی خەڵک لەماموستاکەیەوە فێری خۆپەرستی وتجارەت دەبێ. لێرەداگلەیی لەسەرئێمەیە نەک گەنج وجیلی نوێ.

بەڕای من نوخبەیان لەڕیزەکانی ڕێکخستنداولەسەرجەم ئۆرگانەکاندا هەبێت وڕێکخستنی زۆرینەش لەڕێکخراوەپیشەیی ومەدەنیەکان ڕێکبخرێن ورۆڵی کەسێش پشتگوێ نەخرێ.

1-7-2006 11:05بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

مەكتەبی ڕێكخراوەدیموكراتی ومەدەنیەكان كەیەكێكەلەمەكتەبەجووڵەوچالاكەكانی یەكێتیی

باشترین دامەزراوەی خزمەتگوزاری وكۆكردنەوەی زۆربەی هەرەزۆری گەنجانە بەهەردوو ڕەگەزی كچان وكوڕانەوە. خوێندنگای پەروەردەكردنی نەوەی نوێیە بۆگەشەكردنی كۆمەڵگای مەدەنی لەكوردستان دا.

- **دیوانی لێپرسینەوە**:--

دیوانی لێپرسینەوە دامەزراوەیەكی نوێ وداهێنانێكی سەردەمیانەی یەكێتییە كەوەک لەناوەكەی ڕادیارە زیاتردەزگایەكی (ئیجرائی) یە بۆلێپێچنەوە لە كەموكورتی وبێ ئیلتیزامی وموخالەفەی

هەرئەندامێكی یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستان لەخوارەروەتاسەرەوە. لێپرساووكادرانی دیوان

لەسەربەخۆی وكارەكانیان داسەربەخۆوبریاربەدەستن، كەسیش لەوان هەورازترنابێ. وەک بەڕێز مام جەلال ئاشكرای كرد.

ئەگەرچی هێشتا زووەقسەلەسەرئەودامەزراوەنوێ یە بكەین كەهێشتالەقۆناغی دروست كردنی دان. بەڵام ئومێد دەكەین (دیوان) دامەزراوەی چاكسازی وڕاگرتنی جڵەوی گەندەڵی بێت.

-من وەک پێشمەرگەیەكی كۆن وكادرێكی پلەناوەندی یەكێتیی ڕام وایەوپێشنیاریش دەكەم:

1-ئەركی دیوانی لێپرسینەوە تەنهاكۆكردنەوەی زانیارییەكان ودەستنیشان كردنی كەم كورتی یەكان نەبێت. چونكە خەڵك وسەرچاوەزۆرەبۆدەستنیشان كردنی كەموكورتی!؟.

2-ئیجرائات وەرگرتن پاش لێكۆڵینەوەلەكاتی خۆیدا، بیسڵەمینەوە لەوەی كەسی موحاسەبەكراو پلەوپایەی هەرچیە، یاخودڕوولەلایەنی تروسەنگەرگواستنەوە دەكات.

3- (دیوان) دانەمەزرابێ تەنهابۆشتی موستەقبەلی ولێپرسینەوە لەسلبیاتی داهاتوو. بەڵكوو

پێویستە لێپێچینەوەلەگەڵ هەمووئەوهەڤاڵانەشدابكرێ كەلەپەیڕەوی ناوخۆی حیزب وپرۆگرامی

یەكێتیی لایانداوەلەڕابردوودا بەلاساری- تجاوز-سەرپێچی تێوەگلاون.

4- بۆهیچ كادرێک دوویش كەبۆی نەكرێ ودووموچە لەكەس قبوڵ نەكرێ. كەچەندین جاریش بریاری وادەرچووە.

5-ئەگەرچی پێم وانیە هیچ كەسێک لەئێمە مابێت تاكوئێستا بێ خانوو، یاخودبێ زەوی نیشتەجێ، یاخودكرێچی بێت. بەڵام بۆهەمووهەڤاڵێک موچەی باش بەگوێرەی پلەوپایەكەی نا. !بەڵكو بە گوێرەی ڕادەی ئیخلاسیەت وئیش كردن وهەڵسوڕاوی وماندووبوون وژمارەی خێزان، دابین كردنی ژیان وشوێنی نیشتەجێ بوون، تائیرەمافیكی سەرەتای هەمووتاكێكە. تاڕادەیەک هەنگاوێكیشەبۆرێگەگرتن لەهەڵپەی دزی وگەندەڵی. لێ لەوەبترازێ حەقە لەهیچ كەسێک لەهەر پلەوپایەیەكدابێت قبوڵ نەكرێت كە بەناشەرعی وبە بەكارهێنانی پلەوپایەكەی دەوڵەمند بووبێت.

6-كۆكردنەوەی زانیاری ولێكۆڵنەوەلەسەرهەمووهەڤالان وكادروكارمەندانی حیزبی وحكومی وپێشمەرگانە لەبواری سەرپێچی دا.. زۆرێک گلەیی ونارەزایی لەسەرلێو و ژێرلێوەوە باس دەكرێ سەبارەت بە بوونی **پرۆژە**و**دەست تێكەڵ كردنی هەندێ مەسئولین لەگەڵ خاوەن سەرمایە**و**قۆنتراتچی** و**بەرژەوەندپەرستانی كوردستان**. گەرساغ كرایەوە لەسەر هەركەسێک ولەهەرئاستێكدا، سەرباری ئیجرائات، یەک كاریان پێبسپێردرێت (یان تاجربن، یان كادر!!!!) . چونكە ناكرێ لەیەک كاتداپاراستنی بەرژەوەنی خۆی وهەمان كا 'ca پاراستنی بەرژەوەندی خەڵک (گشتی) . وەناشكرێ دەیان ساڵی خەبات وسەروەری ڕابردووی یەكێتیی بەهۆی چەند كەسێكەوەهەمووی عەیب دارو لەككەدار بكرێت.

7-نوێ كردنەوەوجێبەجێكردنی ئەوبریارە كۆنەی كەلەچەند ساڵی ڕابردوودا سەبارەت بە وەرگرتنی دوو (عەرزە) زەوی نیشتەجێ، یاخود داگیركردنی دووخانووبریاری لەسەردرا.

بە پێی بریارەكە دەبوو ئەوەی لەخانووی حكومی وحزبی بەعس دایە دەبێ زەوی وەرنەگرێت. گەروەریشی گرت سەرپشكە لەهەڵبژاردنی یەكێكیان. بەداخەوە ئەوبریارە مردارکرایەوە!وەكوپێویست جێبەجێ نەكرا. هەندێک لەمەسئولین سەرباری ئەوەش دووعەرزەشیان وەرگرت وخانوەكانیشیان بۆتاپۆكراو كرانیشەوەبەسێ قات وكۆشكوتەلار. كەچی بۆبێدەست وبێ واسیتە شەرت وشروت وخاڵبەندی هەیە!.

ئەمەیەكێكە لەوئاخانەی خەڵک كەلەسینەداپەنگی خواردووەتەوە. هیوادارم دیوانی لێپرسینەوە بەوخاڵەشدابچنەوە... تالێرەوەبۆهاوكاری چاكسازییەكەی ڕێكخستنەكانیش پاكسازی بكەن.

ئەوكاتە سەرمایەوكۆشک وتەلارومەشاریعەكانی ژێربەرەی هەموومان لەبوختان وڕاستی بۆ تێكڕای خەڵک بەگشتی وبۆئەوانەی كەڕۆژانەلەملاوئەولا مێش لەسەریەكێتیی دەكەنەگامێش ساغ دەبێتەوە. ئیتربۆتەڕو وشک پێكەوەناسوتێن!؟

ئەوسا متمانەورووی گەشی یەكێتییش لای خەڵك زیاتروگەشاوەتردەبێ. بەدڵنیاییەوە ئەو گەندەڵی ولامێژی ودزی ودەست پیسییەی كەباس دەكرێ، بابەوقەبارەیەش نەبێ، بەڵام بوونی هەیەوزۆریشیان ڕاستن. بە لێپیچینەوەیان كەمترین كەسمان لێ دووردەكەوێتەوەوزۆرترین خەڵكمان لێ كۆدەبێتەوە (من رین لک هژا) و (محسوبیەت ومنسوبیەت) یش باوی نامێنێ.

8-خاڵێكی تركە تەواوكەری خاڵی پێنجەممە، دابین كردنی جۆرەیەكسانیەك لەموچەویارمەتیدا:

ناڵێم وەزیرێك و وەرزێرێك مووچەیان وەكویەك بێت!بەڵام هەقیش نیە ناهاوسەنگیەكی ڕادەبەدەر. هەندێك ماڵەشەهید، پاشماوەی ئەنفالێك، پەككەوتەوكەم ئەندامێكی سەنگەر وەكو لە زۆرخۆشی وڕەفاهەتی ژیان بێبەش بوون كەچی ڕاتبەكەیان موچەیەكی ئاسایی بێت؟بەڵام كەسێك كەئەمڕۆبۆی لواوەلەپلەیەكی باڵاداكاربەدەستە چەندین قات ئیمتیازی شەخشی هەبێت.

لێپرساوی واهەیە تاكە یەك مانگ ڕاتبەكەی بۆنەچێت دوورنیە وەزیفەكەی بەجێبهێڵێت.

من ناڵێم تێكڕای كادروكاربەدەست وخەلك یەك ڕاتب ویەك مستەوای ژیان، چونكەئەوە سوننەتی ژیانەوئەو یەكسانیە قەت نایەتەدی!بەڵام لێپرساوێكی باڵای وەكوپەرلەمانتار

ڕاتبەكەی (.... ... ) بێت، ماڵەشەهیدێك، ماڵەئەنفالیك كەئازیزترین كەسی لەدەست داوە ڕەنگە100دۆلاربێت؟كەم كردنەوەی ڕاتبی باڵاش هۆكارێكە بۆڕێگەگرتن لەگەندەڵی وناعەدالەتی.

9-خاڵێكی تركەباسی لێوەدەكرێ لێپرساوێتی دیوانی چاودێری یەكەبەدەوریوبۆهەرهەڤاڵێكی مەكتەبی سیاسی بۆماوەی دوومانگ. ئەمەشیان ماوەكەی زۆركەمەوبەڕای من وەرزی ببوایە باشتربوو بۆڕاگەیشتن بەئیش وكارەكانیان..

-نوێنەرایە تی هەڤاڵ مام جەلال (نوێنەری سكرتێری گشتی) :

لەڕابردووداو لەهەندێ لەبوارەكانداولەناوچەجیاجیاكانی كوردستانداچەندهەڤاڵێك بۆنوێنەری تایبەتی بەڕێزمام جەلال دادەنران. زیاتربۆڕاستەوخۆئاگاداربوونی جەنابی مام جەلال لەوسەر پێچی وموخالەفاتانەی كەلەلایەن كادرەكانی یەكێتیی یەوە دەكرێنودەبنەمایەی نارەزایی خەڵك، لەهەمان كاتداوهەندێ لەوسەرپێچی یانەلەلایەن كەسانێكەوەئەنجام دەدران لەژێرپەردەی تەكتولا تەوەپشتیوان ودەست لەپشتدانیان هەبوو!كەمترلەئۆرگانەكان ودامەزراوەكانداموحاسەبە دەكران. بەڵام جە_ 8c_l4eی مام جەلال چاوپۆشی لەسەرپێچی كاران نەدەكردوسزای دەدان.

هەندێكی تریشیان لەوانەبوون كەلەئاكامی ململانێ وتكتولاتدالەهەڵبژاردنەكاندادەرنەچووبون، وەك ئیش بۆ دۆزینەوەیەك بەڕێزمام جەلال لەخۆی نزیكی كردنەوە. تاتوشی غوبنی بی كاری نەبن.

ئەوەبۆقۆناغی ڕابردووئیجابیاتی هەبوو. بەڵام سلبیاتیشی هەبوو، چونكەهەندێ لەونوێنەرانەی مام جەلال یش خزانە ناوتەرەفگیری تكتولاتەوە، یاخودپێشترتكتول بوون. هەروەهاجگەلەوەش بەتایبەت لەئاستی مەڵبەندەكان لەلایەن هەندێ كادروپێشمەرگەی كۆنەوەئەونوێنەرانەلەبری نیازپاكی بەموراقیبی سەرخۆیان دەزانی ولێی بەحەزەربوون، ئەمەش گرفت بوو. تۆبەدڵسۆزی بۆیەكیتی كاربكەیت ووەكوئەونوێنەرەخۆت بەدڵسۆزبزانی كەچی چاودێربەسەرتەوەبێ!؟.

جابۆیەئەگەر ئەوهەوڵ وڕاسپاردانەی كە لە سكرتێری گشتی وبڕیاری مەكتەبی سیاسی یەوە دەرچوون بەئاكامی باش بگەن ونیازپاكی (حسون نیەت) لەخوارەوەتاسەروەلەبەرژەوەندی باڵای گەل ویەكێتییدابێت، هەموویەكدەست كار بكەین. چیتر نوێنەربۆسكرتێری گشتی، بەتایبەت لە ڕێكخستندا بوونی زیادەیە. پێویستە هەمووئەوكەسانەی كاربۆیەكێتیی دەكەن بەتایبەت لێپرساوی مەڵبەندوكۆمیتەكان بائەوان نوێنەری سكرتێری گشتی بن. بەتایبەت ئێستاسەردەمی

موئەسساتە..

دواقسەم هیواوئاواتم سەركەوتنی پرۆسەكەوپەرەسەندنی ڕیزەكانی ڕێكخستن وگەشەكردنی سەرجەم دامودەزگاودامەزراوەكانی یەكێتیی یە لەپێناوی خزمەتی زیاتربەكوردایەتی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی میللەتەكەمان.

ڕوسووری بۆشەهیدانی گەلەكەمان وسەربەرزی بۆكەسوكاریان وسەركەوتن بۆدلسۆزانی یەكێتیی وگەل و وڵات.

lashkr10@hotmail. com

سوێد

2006/6/29